بەیاننامەی ژمارە( 1 )

**کرێکاران و گەلانی بن دەستی جیهان یەکگرن !**

# ڕاگەیاندنێک لەدەستەی خۆ ئامادەکردن بۆ ڕێکخستنەوەی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

**جەماوەری چەوساوەو ڕەنجدەری کوردستان**

**کادێران و ئەندامانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران**

39 ساڵ لەمەوپێش کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەپێناوی ڕزگارکردنی چینی کارگەران و ڕەنجدەرانی کوردستان لەچەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی ، وەکو ڕێکخراوەیەکی مارکسی – لینینی شۆڕشگێر هاتەمەیدانی خەباتی سیاسی و شەڕی پارتیزانییەوەدژ بەرژێمی فاشیستی بەعس . لەڕاستیدا کۆمەڵەتەنها لەدژی ڕژێمی بەعس نەهاتەمەیدانی تێکۆشان و خەباتەوەبەڵکوکۆمەڵە دژی شەڕ و ململانێی نێوان مەلایی و جەلالی هاتەگۆڕەپانی تێکۆشان و خەباتەوە. دامەزرێنەرانی کۆمەڵەدەیانزانی کەکێشەی کورد بەهەردوو لایەنی جەلالی و مەلایی چارەسەر ناکرێ ، بۆیە ناچار بوون بیر لەدروست کردنی ڕێکخراوەیەک بکەنەوە تابتوانێت ئالیەتێکی کاریگەر بێت بۆ سەرخستنی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی ، پاشان کۆمەڵەی ڕەنجدەرانیان دامەزراند. کۆمەڵەتوانی لەماوەیەکی زۆر کورتدا لەناو جەماوەری کوردستان ڕەگی قوڵ و پتەو دابکوتێت ، بەدەیان و سەدان کادر و ئەندامی گیانفیداو شۆڕشگێر بەبیرو بۆچوونی شۆڕشگێڕانەی مارکسیزم پەروەردەبکات و بیانرێتەمەیدانی خەباتی سیاسی وشەڕی پارتیزانیەوە. دامەزرێنەران و گەشەپێدەرانی کۆمەڵەلەدۆخێکی ترسناکدا بەوپەڕی دڵسۆزی ، دوور لەهەرجۆرەگیانێکی خۆپەرستیو هەوڵدان بۆ پلەو پایەخوازی و دەسەڵاتی تاکڕەوانە، هاتنەمەیدانی خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەییەوە. لەو ڕۆژگارەدا دامەزرێنەرانی کۆمەڵەو ڕێکخستەنەسەرەتایی و نهێنییەکانی کۆمەڵە لەگەڵ سێ دوژمنی ئاشکراو نهێنی دا ڕوو بەڕوو بوون . دوژمنی یەکەم دامودەزگا سیخوڕی و هەواڵگرییەکانی ڕژێمی بەعسی فاشی ، دوژمنی دووەم دەزگای پاراستنە ئیرهابی یەکەی مەلامستەفا و دوژمنی سێهەمیش مەکتەبی سیاسی پارتی باڵی جەلالییەکان . دامەزرێنەرانی کۆمەڵەڕووبەڕووی ئەو سێ دوژمنەبوونەوەبەڵام دوژمنی سێهەمیان لەژێر ناوی خەباتی هاوبەشدا لەپشتەوەخەنجەری ژەهراوی لەسەرکردەدڵسۆزەکانی کۆمەڵەدا . جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا کنەیان کردەناوسەرکردایەتی کۆمەڵەوەو لەڕێگای زنجیرەیەک پلان و دەسیسەی جۆراوجۆرەوەسەرکردەو کادێرەدڵسۆزەکانی وەک کاک شەهاب ، کاک جەعفەر، کاک ئەنوەر و لەدواییدا کاک ئارامیان لەناوبرد ، پاشان دەستیان کرد بەکوشتن و لەناوبردنی ئەو

کادێرانەی کەدەیانخواست کۆمەڵەی ڕەنجدەران لەدەستی نەوشیروان مستەفا و جەلال تاڵەبانی دەربهێنن و کۆمەڵەبکەنەوەبەو ڕێکخراوەیەی کەکاک شەهاب ، کاک ئارام و هەڤاڵەکانیان گیانیان لەپێناویدا بەخشی بوو .

کادێرەشۆڕشگێڕەکانی کۆمەڵە!

کۆمەڵەبەشێکە لەمێژووی خەباتی چەوساوەکانی گەلەکەمان . ڕەنجدەران و چەوساوەکانی کوردستان هێزی دروستکەرو خوڵقێنەری ئەو مێژووەپڕ لەسەروەرییەبوون ، بەڵام بەرنامە و پلانەکانی نەوشیروان مستەفاو جەلال تاڵەبانی لێنەگەڕانڕەنجدەران و چەوساوەکانی کوردستان بەرهەمی ڕەنج و قوربانیدانەکانیان لە ڕێی دروستکردنی کۆمەڵەکەیانەوە بچننەوەو لەڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆدا لەسایەی دا بحەسێنەوە. ئەگەر ئەمڕۆ کۆمەڵەلەمەیدانەکەدا بووایەئەوا بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی دیکتاتۆرنەیاندەوێراو نەیان دەتوانی بەم شێوەیەی ئێستا سامان و داهاتی خەڵکی هەژاری کوردستان بدزن . لەوەشگرنگتر نەوشیروان مستەفای سێبەری جەلال تاڵەبانی نەیدەتوانی خۆی بکاتەدەم ڕاستی گۆڕان . نەوشیروان مستەفا خوێنی هەزاران مرۆڤی ڕەنجدەر و چەوساوەی کوردی کرد بەقوربانی کورسییەکەی ئەمرۆی جەلال تاڵەبانی . نەوشیروان چ لەڕووی ناوەندی بڕیارو چ لەڕووی خستنە بواری پراکتیکی بڕیارەکانەوە ، جیاوازی لەگەڵ تاڵەبانی دیکتاتۆردا نییە ، بۆیە نەک تەنها بەشداربووە لەزۆرترین کارەساتەکانی 30 ساڵی ڕابردوودا کەبەسەر خەڵکی کوردستان دا هاتووەبەڵکو پشکی شێریشی بەردەکەوێت . ئێمەوەک دەستەی خۆ ئامادەکردن بۆ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران، هەموو چەوساوەکانی گەلەکەمان لەفێڵ و پلانەکانی نەوشیروان و تاڵەبانی ئاگادار دەکەینەوە . لەهەمانکاتدا بڕوامان وایە کە سێک خۆی نەگۆڕێت ناتوانێت ڕابەرایەتی گۆڕان بکات و لەدوایین ساتەکاندا بەقازانجی دەسەڵاتەڕزیوو دیکتاتۆرەکەی تاڵەبانی و بارزانی، پاشقولێکی ملشکێنی تر لە جەماوەری گۆڕان خواز و ئازادی خوازانی کوردستان دەگرێت و بەم هەڵوێستەی گیان دەکاتەوەبە جەستەی داڕزاوی دەسەڵات و حکومەتەدیکتاتۆرەکەیان دا.

جەماوەری چەوساوەی کوردستان

کادێر و ئەندامانی پێشووی کۆمەڵە

ئێمەلەو باوەڕەداین گۆڕانی ڕاستەقینەو ڕیشەیی تەنها لەڕێگای تێکوپێکدانی دەسەڵاتی دیکتاتۆر و گەندەڵی تاڵەبانی و بارزانییەوەبەدی دێت . ئەو گۆڕانە بەبێ ڕێکخراوەیەکی شۆڕشگێر کەنوێنەری ڕاستەقینەی هەموو چین و توێژەکانی گەل بکات ڕوو نادات . کۆمەڵەی ڕەنجدەران موڵکی هەمووومان بووە، هەموومان لەڕۆژەسەختەکان دا گیانی خۆمان بۆ خستۆتەمەترسییەوە. کۆمەڵەمیراتی سەرکردەدڵسۆز و شۆڕشگێڕەکانی وەک کاک ئارام ، کاک شەهاب و هەموو ئەو تێکۆشەرانەیەکەلەپێناوی ئامانجەدیموکراتی و سۆشیالیستیەکانی کۆمەڵەدا لەزیندانەکانی ڕژێمی بەعس ، لەشەڕی پارتیزانی و لەپیلانی دوژمنانەی جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفادا، لەشەڕی شۆڕشگێرانەدژی قیادەموەقەتەکەی بنەماڵەی بارزانی گیانی خۆیان کردەقوربانی ڕزگاری چەوساوەکان و کۆمەڵێکی ئازادو دیموکراتی . ئێمەوەک میرات گری کۆمەڵەو وەک نەوەیەکی نوێ بەبیری شۆڕشگێرانەی مارکسیزم - لینینزمەوەئاڵای خەبات بۆ ڕزگاری ڕەنجدەران و چەوساوەکانی کوردستان بەرز ڕادەگرین و خۆمان بۆ دروستکردنەوەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران ئامادەدەکەینەوە . داوا لەهەموو دڵسۆزان و لایەنگرانی کۆن و نوێ ی کۆمەڵەدەکەین هاریکاریمان بکەن لەئەنجامدانی ئەم ئەرکەچینایەتی و نەتەوایەتیەدا . لەسەرەتای بەجێهێنانی ئەم

ئەرکەسیاسی و مێژووییەدا هەموو هاورێیان دەتوانن دەست بەپێکهێنانی گروپەکان و ڕێکخستنەوەی شانەنهێنییەتەسقیفی و وشیارکردنەوەکان بکەن ( پێویستە هێندە ووریا بن کەڕێگر بن لە کنەکردنی پیاوەکانی دەزگای پاراستن ، زانیاری و پیاوەکانی نەوشیروانیش بۆ ناو گروپ و شانەکانتان )، پاش ڕەخساندنی کەش و هەوای متمانەبوون و دڵنیا بوون لەکارو ئاستی پێویست ، کۆنفرانسێکی سەرتاسەری دەبەستین و لەو کۆنفرانسەدا پەیڕەوی ناوخۆ و بەرنامەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ و دیموکراتی پەسەند دەکەین .

بۆ پێشەوەبەرەو ڕێکخستنەوەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران

دەستەی خۆ ئامادەکردن بۆ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵەی رەنجدەران

سەرەتای تشرینی دووەمی 2009